# دابەشبوونی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی ئاینی لە شاری سیدصادق

پ.ی.د.شاد حمید محمد
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
Shad.rasul@univsul.edu.iq

پ.ی.د.احمد رفیق کریم
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
Ahmed.karim@univsul.edu.iq

بەشی جوگرافیا-کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان-سیدصادق

ڕێکەوتی وەرگرتنی توژینەوە:١٨\\٩\\ ٢٠٢٤ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:١٦\١٠\٢٠٢٤

## پوختە

دامەزراوە ئاینییەکان دامەزراوەی خزمەتگوزاری زۆر گرنگن لە شارەکاندا، جگە لەوەی کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی دانیشتوان هەیە، لە هەمان کاتیشدا کاریگەرییان لەسەر کۆبونەوەی دانیشتوان و خزمەتگوزارییەکانی دیکە هەیە و سودێکی زۆر بە دانیشتوانی ناوچەکە و ڕێبواران دەگەیەنن.

بەهۆی بەرزی ژمارە و ڕێژەی پابەندی ئاینی دانیشتوانی ئەم شارە، خزمەتگوزارییە ئاینییەکانی وەك مزگەوت و هۆڵی بۆنە ئاینییەکان و گۆڕستان بوونیان هەیە. ئامانجمان لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە بریتییە لە شیکردنەوەی دابەشبوونی خزمەتگوزاری ئاینیە لەگەڕەکانی شاری سیدصادق و زانینی ژمارە و توانا و شێوازی ئەم خزمەتگوزاریەیە لە شارەکەدا. هەر بۆیە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، پشتمان بە میتۆدی وەسفی و شیکاری بەستوە.

ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان( وەزارەتەکانی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، پلان دانان و شارەوانی و گەشتوگوزار)، هەروەها گرنگیشە بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان و توێژەران.

دانیشتوانی شاری سیدصادق بە گشتی موسڵمانن، لەم شارەدا ئەم شارە (٣٥) مزگەوتی هەینی(الجامع) و (٣٥) مزگەوت و(٢٢) هۆڵی بۆنە ئاینیەکان و(٥)گۆڕستانی تیادایە.لە کاتی جێبەجێکردنی پێوەرەکاندا دەبینین هەریەك لە گەڕەکەکانی (شانەدەری تازە، شانەدەر، جوتیاران) بەشی زۆری گەڕەکەکانی (فەرمانبەران، نالی، حاجی نامق) کە ئەمانە دەکەونە بەشی باکوری شارەکەوە هیچ کام لە خزمەتگوزارییەکانی ئاینی نایانگرێتەوە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شێوەی شارەکە کە شێوازی ئەستێرەی هەیە و بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییەکان لە بەشی باشوری شارەکەدایە

کلیلە وشە: خزمەتگوزاری ئاینی، مزگەوت، مزگەوتی هەینی، گۆڕستان، هۆڵی بۆنەی ئاینی.

## پێشەکی

خزمەتگوزارییەکان بەگشتی و لە ناویشیاندا خزمەتگوزاری ئاینی، بایەخێکی زۆر و هەمەچەشنیان بۆ دانیشتوانی هەر یەکەیەکی جوگرافی هەیە، ئەویش بەهۆی بەکارهێنان و سود بینی بەردەوام و رۆژانەی دانیشتوان لێیان، بە جۆرێك مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداریان بێت. بە پێچەوانەوە، لە هەموو تەمەنە جیاوازەکان بە هەردوو رەگەزەوە پەنا بۆ سود مەندبوون لەم خزمەتگوزارییە دەبەن.

دانیشتوانی شاری سیدصادق وەك شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەگشتی لە پەیڕەوکەرانی ئاینی ئیسلامن، بەهێزی پەیوەستبوونیان بە دین، هۆکارە بۆ سودمەندبوونی بەردەوامیان لە پەرستش و بۆنە ئاینییەکانی وەك( خودا پەرستی و پرسە و جەژن... )هەربۆیە چ لە رووی ژمارەوە، چ لە رووی قەبارەوە، چ لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافیی جیاوازەوە سود لەم خزمەتگوزارییە بینراوە.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١-زانینی ژمارە و جۆر و تایبەتمەندی و دابەشبونی جوگرافی خزمەتگوزارییە ئاینییەکانە لە شاری سیدصادق.

٢- زانینی ڕادەی گونجاوی و دەستەبەربوونی ئەم خزمەتگووزارییە بەراورد بە پێوەری دانیشتوان.

٣-شیکردنەوەی شوێنی بۆ دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری ئاینی لە سەر ئاستی گەرەکانی شاری سیدصادق.

**کێشەی توێژینەوەکە**

کیشەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە خۆیان دەبیننەوە لە:

١- ئایا خزمەتگوزاری ئاینی لە هەموو گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بوونیان هەیە؟
٢- ئایە دابەشبوونی خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری سیدصادق بە شێوەیەکی هاوسەنگە؟
٣- ئایا دابەشبوونی خزمەتگوزاری مزگەوت لەگەڵ پێوەری ژمارەی دانیشتوان هاوسەنگە؟

**گریمانەی توێژینەوە**

گریمانەی توێژینەوەکەمان بریتین:

١-خزمەتگوزاری ئاینی لە هەموو گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بوونیان نییە.

٢- دابەشبوونی خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری سیدصادق بە شێوەیەکی هەرەمەکین.

٣- دابەشبوونی خزمەتگوزاری مزگەوت لەگەڵ پێوەری ژمارەی دانیشتوان هاوسەنگ نییە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە**

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، پشتمان بە میتۆدی وەسفی و شیکاری بەستوە.

**پلانی توێژینەوەکە**

وەك بنەمایەکی زانستی لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەی ئەکادمی، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ چەند بەشێکی سەرەکی، هەر بەشێکیش دابەشکراوە بۆ چەند باسێك، کە بریتین لە:

ناونیشانی بەشی یەکەم بریتیە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە. ناونیشانی بەشی دووەم بریتیە لە: دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری سیدصادق. ناونیشانی بەشی سێیەم بریتییە لە: شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری سیدصادق.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

هۆکارە ئاینییەکان کاریگەریان تەنها لەسەر دروستبوونی شار نییە بەڵکو کاردەکەنە سەر گەشەکردن و مۆرفۆلۆجی شارەکان، سروشتی دینەکان بەوجۆرەن دەبنە هۆی سەقامگیربوون و بڵاوبونەوەی ژیانی شارستانی و خواپەرستیش دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆنەی گشتی بۆنمونە نوێژی هەینی لای موسڵمانان (الراوی، ٢٠١٦، ص١٣٦).


لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و چەمك و زاراوە سەرەکییەکان.

**باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

شاری سەیدصادق کە ناوەندی کارگێڕی قەزای سیدصادقە یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای سلێمانی کە لە ساڵی (١٩٥٥)دا دامەزراوە، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە دەکەوێتە سەنتەری ناوەندی قەزای سەیدصادق و بەشی باشوری قەزای سیدصادق و بەشی باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی. ئەم شارە لە ساڵی (٢٠٢٤)دا پێکهاتووە لە (٢٦) گەڕەك (ناوچەی پیشەسازی یەك ڕوبەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە ئەویش وەك گەڕەکێکی سەربەخۆ ئەژمارکراوە) هەروەها ڕووبەرەکەی (٣٥)کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانەکەی بۆ ساڵی (٢٠٢٤) بریتییە لە (٨٠٤٠٨)کەس (بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ٢٠٢٤).

شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی(٣٤" ٢٥' ٣٥° - ٤٥" ١٩' ٣٥°) باکور و هەردوو هێڵی درێژی(٢٠" ٥٤' ٤٥° - ٣٤" ٤٨' ٤٥°)خۆرهەڵات. ناوەندی بەرزیی ئەم قەزایە (٥٦٠)م لە ئاستی ڕوی دەریاوە. نەخشەی (١).

نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی شاری سیدصادق بەپێی قەزای سیدصادق و پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠٢٤




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤.

## باسی دووەم: ناساندنی چەمك و زاراوەكان

خزمەتگوزاریی ئاینی پەیوەستە بە لایەنی ڕۆحی کۆمەڵگاوە، لەگەڵ ئەم گرنگیەیدا پلاندانان بۆ ئەم خزمەتگوزارییە بەپێی پێویست نین لە زۆرینەی کۆمەڵگاکاندا(غنیم، ٢٠١٣، ص٤٤.)

لەم باسەدا، تیشك دەخەینە سەر ناساندنی هەندێك لە چەمکە گرنگ و بەکارهاتوەکانی ناو توێژینەوەکە، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: بەکارهێنانی زەوی

بەکارهێنانی زەوی لە ناوچە شارستانییەکاندا دیاردەیەکی دینامیکی یەو بەپێی کات و شوێن دەگۆڕدرێت، ئەمەش بەهۆی جووڵە و جێگۆڕکێ و فراوان بوونی جێگا و ئەرکی بەکارهێنانەکانی زەوی لە ماوە و قۆناغە جیاوازەکاندا دێتەدی، دەکرێت ماوەکان کورتخایەن یاخود درێژخایەن بن، بەرەو پێشچوون لە بەکارهێنانەکانی زەوی بەپێی قۆناغەکان بەگوێرەی داواو خواستی دانیشتوان دەبێت. لەبەرئەوە بەکارهێنانی زەوی لە شاردا لە ئەنجامی کارلێك و کاریگەری ئەرك و پێداویستییەی خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ زەوی شاردا دەبێتە هۆی بەخشینی تایبەتمەندی بەهەریەك لەو بەکارهێنانەی لە شاردا بوونی دەبێت یان پێویستی پێی هەبێت بۆ پڕکردنەوەی داخوازیەکانی دانیشتوان.(میرزا عبداللە، ٢٠٢٣، ل٥٤.)

دووەم: خزمەتگوزاری ئاینی

بریتییە لەو خزمەتگوزاریانەی کە دامەزراوە ئاینیەکان پێشکەش بە شاری مسوڵمانان یاخوود هەر ژینگەیەکی تری دەکەن بەگوێرەی بوونی ئاین و بیر و باوەڕە جیاوازەکان، وەکوو مزگەوتەکان و تەکیەو گۆڕستانەکان و کەنیسە و دێرەکان، بەجۆرێك مزگەوت لە شارە ئیسلامییەکاندا لە پێشەنگی ئەم دامەزراوانەن لەبەرئەوەی کۆمەڵگا ڕۆژانە پێنج جار پێویستی پێیەتی، هەر لەبەرئەمەشە زۆرێك لە توێژەرانان و پسپۆران هەڵساون بە دانانی پێوەر و بنەمای پلاندانانی تایبەت بۆی. لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین ئەم دامەزراوانە بەکرۆکی پێداویستیە ئاینیەکانی کۆمەڵگا دەژمێردرێن بۆ بەجێگەیاندنی پەرستشە ئاینییەکان، ئەمە سەرەڕای ئەنجامدانی چالاکییە کۆمەلایەتییەکانی پەیوەستە پێیەوە، وەك بەخاك سپاردن و پرسە و بۆنە ئاینیەکان و کۆڕەکانی وانە وتنەوە.(عزیز، ٢٠٢٢، ل٧.)

سێیەم: مزگەوتی هەینی

بریتییە لەو مزگەوتانەی کە نوێژی هەینی و نوێژی هەردوو جەژن و نوێژەکانی تریان تیادا ئەنجامدەدرێت، شوێنی مینبەر لە خۆدەگرێت. مزگەوتی هەینی سەنتەری سەنگی قورساییە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا و دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری دەروونی و فیکرییە، ژیانی کۆمەلایەتی و شار ڕێکدەخات و بەشێکە لە کۆمەڵگا بەجۆرێك لکاوە بە دروستکراوەکانی تری ئاوەدانییەوە، کە تەواوکەرە لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی تر و پێداویستییەکای دانیشتوان دابین دەکات (گۆران، ٢٠٢٢، ل١٨).

چوارەم: مزگەوت

ئەم مزگەوتانە پێنج نوێژی ڕۆژانەی تێدا ئەنجامدەدرێت، جگە لە نوێژی هەینی و نوێژی هەردوو جەژن، ئەم جۆرەیان بە ژمارەیەکی زۆرتر هەن بەبەراورد بە مزگەوتی هەینی لە پێکهاتەی شاردا بڵاوبۆتەوە. هەروەها مزگەوتەکان بە ناوەندێکی زانستی گرنگ دادەنرێت بۆ خوێندن و فێربوونی زانستە شەرعییەکان(گۆران، ٢٠٢٢، ل١٨).

پێنجەم: گۆڕستان

گۆڕستان بەرامبەر ووشەی قەبرستانە، کە لە ووشەی قەبر وەرگیراوە. بریتییە لە جێگای لەگۆڕنانی مردوو واتا ناشتنی مردووەکان. شوێنێکە بەگشتی دەکەوێتە دەوروبەری شار یان هەر شوێنێکی بەتاڵ یان ئەو بەرزاییانەی دەوری شاریان داوە، یاخود لەسەر پاشماوەی گۆڕستانە کۆنەکان. ئەمەش بەشاری مردووان ناسراوە و ئاماژەیەکە بۆ یەکەم کۆچی دانیشتوانی شار بە ئاڕاستەی دەوروبەر دانیشتوانی شار لە ڕۆژانی بۆنە ئاینی و پشوەکاندا سەردانی دەکەن بۆ ئەنجامدانی کەشێك کە لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر جیاوازە.(عزیز، ٢٠١٣، ل١٠.)

**بەشی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری سیدصادق**

خزمەتگوزاریە ئاینیەکان بریتین لەو خزمەتگوزاریانەی کە دامەزراوە ئاینیەکان پێشکەش بە دانیشتوانی دەکەن بەگوێرەی بوونی ئاین و بیروباوەڕە جیاوازەکان وەکوو مزگەوت و تەکیەو کەنیسە و دێرەکان، ئەم خزمەتگوزاریە بەیەکێك لە گرنگترین جۆری خزمەتگوزاری دادەنرێن لە نێو پێکهاتەی شارنشیندا، لەبەرئەوەی هەر لە کۆنەوە تاوەکوو ئێستا ئەڵقەیەکی نەپچڕاو پێکدەهێنێت لەگشت قۆناغە پێشکەوتووەکانی ئاوەدانی و شارنشیندا هەروەها تەواوکەری خزمەتگوزاریەکانی دیکەن لە پێکهاتەی شارەکاندا و ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە دروستبوون و پێشکەوتنی شارەکان لە زۆرێك لە ناوچەکانی جیهاندا(عزیز، ٢٠٢٢، ل٩٢).

لە شاری سیدصادق، خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی وەك مزگەوتەکان، هۆڵی بۆنە ئاینییەکان، گۆڕستان بونیان هەیە، بەڵام بە دابەشبوونی جوگرافیای جیاوازە. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر، لە سێ باسدا دەیخەینە ڕوو، کە بریتین لە:

**باسی یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی مزگەوت لە شاری سیدصادق**

لە شاری سیدصادق (٧٠)مزگەوتی تیادایە کە ئەمەش بە شێوازێکی جیاواز دابەشبوون لە گەڕەکەکاندا وەك لە خشتەی (١)دا دیارە:

١-زۆرترین ژمارەی مزگەوت لە گەڕەکەکانی (هێمن، نەورۆز، ئاشتی) هەر یەکە لەم گەڕەکانە بە بوونی (٧) مزگەوت و بەڕێژەی(١٠٪) کۆی مزگەوتەکانی شارەکە پێکدەهێنن.

٢- گەڕەکی (ڕاپەڕین) بە پلەی دووەم دێت، ژمارەی مزگەوتەکانی بریتین لە(٦) مزگەوت و ڕێژەی(٨,٦٪) مزگەوتی گەرەکەکانی شارەکە پێکدەهێنیت.

٣- گەڕەکەکانی (هەواری تازە، خانزاد) بە پلەی سێیەم دێن، ژمارەی مزگەوتەکانیان بریتین لە (٥) مزگەوت و ڕێژەی (٧,١٪). کۆی مزگەوتەکانی شارەکە پێکدەهێنن

٤- گەڕەکەکانی (بەرکێو، نیشتمان ، قلرخ) بە پلەی چوارەم دێن، ژمارەی مزگەوتەکانیان بریتین لە (٤) مزگەوت و ڕێژەی (٥,٧٪). کۆی مزگەوتی گەرەکەکانی شارەکە پێکدەهێنن.

٤- لە هەر یەك گەڕەکەکانی (سەراوی خواروو، ئازادی)دا، (٣) مزگەوت بونیان هەیە و ڕێژەی (٤,٣٪) کۆی مزگەوتی گەرەکەکانی شارەکە پێکدەهێنن.

٥-بە بوونی(٢) مزگەوت، لە هەر یەك لە گەرەکەکانی (شانیدەری نوێ، نالی، سەروەران، کوردستان) لە پلەش شەشەم دێن و بەڕێژەی (٢,٨٪) کۆ مزگەوتی گەرەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن.

٦- گەڕەکەکانی (حاجی نامیق، بەختیاری، حاجی قادر، ڕۆژهەڵات، ڕزگاری، تەپەڕەش، سەراوی سەروو ) بە پلەی حەوتەم دێن بە بوونی (١) مزگەوت و ڕێژەی(١,٤٪) کۆی مزگەوتی گەرەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن.

٧-هەریەك لە گەڕەکەکانی (فەرمانبەران، شانیدەری کۆن، جوتیاران، پیشەسازی) هیچ مزگەوتێکیان تێدا نیە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری مزگەوتەکان تاکو ئێستا لەلایەن هاوڵاتیانەوە دروستدەکرێت ئەوانیش حەز ئەکەن نزیك لە ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆیان دروستبکرێن.

٨- لە کۆی (٢٦) گەڕەك تەنها (٢٢) گەڕەك و ڕێژەی (٨٤,٦٪)ی گەڕەکەکانی شارەکە مزگەوتیان تێدایە، واتە نزیکەی یەك بەش لە پێنج بەشی گەڕەکەکانی شارەکە مزگەوتیان نیە.

ئەم خزمەتگوزارییە بە پێی سروشتی خزمەتی پێشکەشکراو دەبن بە دوو جۆر، ئەوانیش: یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی مزگەوتی هەینی(الجامع) لە شاری سیدصادق:

ژمارەی مزگەوتی هەینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا (٣٥) مزگەوتە کە بەشێوەیەکی جیاواز دابەشبوون لە شارەکەدا:

١- گەڕەکەکانی (هێمن، ڕاپەڕین) بە بوونی(٤) مزگەوت و بەڕێژەی (١١,٩٪) کۆی مزگەوتی گەرەکەکانی شارەکە پلەی یەکەم دەگرن.

٢- گەڕەکەکانی (نەورۆز، خانزاد)بە بوونی (٣) مزگەوت و بەڕێژەی (٨,٨٪)کۆی مزگەوتی گەرەکەکانی شارەکە بەپلەی دووەم دێن.

٣- گەڕەکەکانی (شانیدەری نوێ، نالی، بەرکێو، هەواری تازە، نیشتمان، ئاشتی) بە بوونی (٢) مزگەوت و ڕێژەی (٥,٩٪)ی کۆی مزگەوتی شارەکە بە پلەی سێیەم دێن.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

٤- گەڕەکەکانی (حاجی نامیق، حاجی قادر، ڕۆژهەڵات، ئازادی، کوردستان، قلرخ، سەروەران، سەراوی سەرو، سەراوی خوارو) بە بوونی (١) مزگەوت و بەڕێژەی (٢,٩٪)کۆی مزگەوتی شارەکە بە پلەی چوارەم دێن.

٥-هەریەك لە گەڕەکەکانی (شانیدەری کۆن، جوتیاران، فەرمانبەران، بەختیاری، ڕزگاری، پیشەسازی، ، تەپەڕەش ) هیچ مزگەوتێکیان تێدا بەدی ناکرێت.

٦- لە کۆی (٢٦) گەڕەك تەنها (١٩) گەڕەك و ڕێژەی (٧٣٪) کۆی گەرەکەکانی شارەکە مزگەوتی هەینیان تێدایە،واتە زیاتر لە یەك لەسەر چواری گەڕەکەکانی شارەکە مزگەوتی هەینیان تێدا نیە و نوێژی هەینیان تێدا ئەنجام نادرێت.

دووەم: دابەشبوونی جوگرافی مزگەوت لە شاری سیدصادق

ژمارەی مزگەوت لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا(٣٥) مزگەوتە کە بەشێوەیەکی جیاواز دابەشبوون بەسەر گەرەکانی شارەکەدا:

١- گەڕەکی(ئاشتی)، (٥) مزگەوت و ڕێژەی(١٤,٣٪)کۆی گەرەکی مزگەوتەکانی شارەکەی پێکهێناوە. بە پلەی یەکەم دێت.

٢- گەڕەکی(نەورۆز)،(٤) مزگەوت و ڕێژەی (١١,٤٪) کۆی مزگەوتی گەرەکەکانی شارەکە پێك دەهێنێت و بە پلەی دووەم دێت.

٣-گەڕەکەکانی(هەواری تازە، هێمن، قلرخ)،(٣) مزگەوت و ڕێژەی (٨,٦٪) کۆی مزگەوتی گەرەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن و بە پلەی سێیەم دێن.

٤- گەڕەکەکانی(ئازادی، نیشتمان، بەرکێو، ڕاپەڕین، خانزاد، سەراوی خوارو)، (٢) و ڕێژەی(٥,٧٪) کۆی مزگەوتی شارەکە پێکدەهێنن و بە پلەی چوارەم دێن.

٥- گەڕەکەکانی (بەختیاری، ڕزگاری، کوردستان، تەپەڕەش، سەروەران) تەنها (١) مزگەوت و بەڕێژەی (٢,٩٪) کۆی مزگەوتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن و بە پلەی پێنجەم دێن.

٦-هەریەك لە گەڕەکەکانی (شانیدەری کۆن، شانیدەری نوێ، جوتیاران، حاجی نامق، نالی، فەرمانبەران، پیشەسازی، حاجی قادر، ڕۆژهەڵات، سەراوی سەروو) هیچ مزگەوتێکیان تێدا نیە بەڵام هەندێك لەم گەڕەکانە مزگەوتی هەینی تیادایە وەك پێشتر ڕونکراونەتەوە.

٧- لە کۆی (٢٦) گەڕەك تەنها (١٦) گەڕەك و بە ڕێژەی (٧٢,٧٪)ی گەڕەکەکانی شارەکە مزگەوتیان تێدایە، واتە زیاتر لە چواریەکی گەڕەکەکانی شارەکە هیچ مزگەوتیان تێدا نیە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤


خشتەی (١) ناو و ژمارەی مزگەوت و مزگەوتی هەینی بەپێی گەڕەك لە شاری سیدصادق لە ساڵی ٢٠٢٤دا

| ژ | ناوی گەڕەك | مزگەوت | كۆ | % | مزگەوتی هەینی | كۆ | % | سەرجەم | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شانیدەری كۆن | - | ٠ | ٠ | - | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٢ | شانیدەری نوێ | - | ٠ | ٠ | حاجی سالار شانیدەر | ٢ | ٥,٩ | ٢ | ٢,٨ |
| ٣ | جوتیاران | - | ٠ | ٠ | - | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٤ | حاجی نامیق | - | ٠ | ٠ | ئوچ تەپان | ١ | ٢,٩ | ١ | ١,٤ |
| ٥ | نالی | - | ٠ | ٠ | نالی حاجی نامیق | ٢ | ٥,٩ | ٢ | ٢,٨ |
| ٦ | فەرمانبەران | - | ٠ | ٠ | - | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٧ | بەختیاری | مەلا عبدالكریم المدرس | ١ | ٢,٩ | - | ٠ | ٠ | ١ | ١,٤ |
| ٨ | ڕزگاری | ڕزگاری | ١ | ٢,٩ | - | ٠ | ٠ | ١ | ١,٤ |
| ٩ | پیشەسازی | - | ٠ | ٠ | - | ٠ | ٠ | ٠ | |
| ١٠ | بەركێو | مریم خاتون بەختیاری | ٢ | ٥,٧ | امام بخاری فیردەوس | ٢ | ٥,٩ | ٤ | ٥,٧ |
| ١١ | هەواری تازە | مەحوی پیر خدری شاهۆ ئیمان | ٣ | ٨,٦ | نەقشبەندی دار الاحسان | ٢ | ٥,٩ | ٥ | ٧,١ |
| ١٢ | هێمن | خلفاء راشیدین قازی محمد حاجی یاسین | ٣ | ٨,٦ | حەزرەتی ابیراهیم كەسنەزان شێخ سعیدی پیران بیلال | ٤ | ١١,٩ | ٧ | ١٠ |
| ١٣ | نیشتمان | عوسمان حمە نجم شێخ سعید نەورەس | ٢ | ٥,٧ | مەلا حسن بەركێو گەیلانی | ٢ | ٥,٩ | ٤ | ٥,٧ |
| ١٤ | حاجی قادر | - | ٠ | ٠ | - ئاوایی حاجی قادر | ١ | ٢,٩ | ١ | ١,٤ |
| ١٥ | ڕۆژهەڵات | - | ٠ | ٠ | عایشە | ١ | ٢,٩ | ١ | ١,٤ |
| ١٦ | نەورۆز | محمد ڕەسوڵ الله ئیمام علی تەقوا امام احمد | ٤ | ١١,٤ | صلاح الدین مەولانا خالد عمر بن خەتاب | ٣ | ٨,٨ | ٧ | ١٠ |
| ١٧ | ڕاپەڕین | ابوبكر صدیق حاجی خورشیدە نامیق | ٢ | ٥,٧ | گەورە حاجی فتاح عثمان كوڕی عفان شێخ تاهیر | ٤ | ١١,٩ | ٦ | ٨,٦ |
| ١٨ | ئازادی | فایەق بەگی جاف حاجی حمە كریم | ٢ | ٥,٧ | شافیعی | ١ | ٢,٩ | ٣ | ٤,٣ |
| ١٩ | خانزاد | بەهەشت شێخ عبدالرحیم | ٢ | ٥,٧ | ئیمام غزالی شێخ عبدالقادری چوێسە شەهیدان ئاری و دارا | ٣ | ٨,٨ | ٥ | ٧,١ |

| ژ | ناوی گەڕەك | مزگەوت | کۆ | % | مزگەوتی هەینی | کۆ | % | سەرجەم | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | تەپەڕەش | تەپەڕەش | ١ | ٢,٩ | - | ٠ | ٠ | ١ | ١,٤ |
| ٢١ | کوردستان | سەفا | ١ | ٢,٩ | نور | ١ | ٢,٩ | ٢ | ٢,٨ |
| ٢٢ | ئاشتی | فرقان<br>هاجەرە خاتوون<br>پیشەوەران<br>ئیمام همزە<br>حاجی محمدی<br>حەوایی | ٥ | ١٤,٣ | ئاشتی<br>ڕزگاری | ٢ | ٥,٩ | ٧ | ١٠ |
| ٢٣ | قلرخ | حاجی محمودی<br>حاجی فتح الله<br>قلرخ<br>پیاوچاکان | ٣ | ٨,٦ | مەولەوی | ١ | ٢,٩ | ٤ | ٥,٧ |
| ٢٤ | سەروەران | ئاوات | ١ | ٢,٩ | شەهید علی حمە فرج | ١ | ٢,٩ | ٢ | ٢,٨ |
| ٢٥ | سەراوی سەرو | - | ٠ | ٠ | سەراوی کۆن | ١ | ٢,٩ | ١ | ١,٤ |
| ٢٦ | سەراوی خواروو | سەراوی سوبحان<br>ئاغا<br>حاجی محوی<br>رحمان | ٢ | ٥,٧ | النبی | ١ | ٢,٩ | ٣ | ٤,٣ |
| | سەرجەم | - | ٣٥ | | - | ٣٥ | | ٧٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەزوور، بەشی خۆیەتی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤.

نەخشەی (٢) دابەشبوونی جوگرافی مزگەوتی هەینی و مزگەوت لە شاری سیدصادق




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن: نەخشەی ژمارە (١). کاری مەیدانی توێژەران لە ڕێکەوتی (٢-١-٢٠٢٤ بۆ ١-٧-٢٠٢٤).

**باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی هۆڵی بۆنە ئاینییەکان لە شاری سیدصادق**

لە شاری سیدصادق هۆڵی تایبەت دروستنەکراوە بۆ بۆنەی ئاینی بەڵکو تەنها هەندێك مزگەوتەکان هۆڵی پرسەی تیادا دروستکراوە کە تەنها بۆ پرسەی پیاوان بەکاردەهێنرێن تەنها (٢٢)مزگەوت هۆڵی

پرسەی تیادایە لە کۆی (٧٠)مزگەوت واتە ڕێژەی (٣١,٤٪)مزگەوتەکانە، ئەو مزگەوتانەی کە هۆڵی پرسەیان هەیە وەك لە خشتەی(٢) نمایشکراون و بریتین لە :

١-زۆرترین مزگەوت کە خاوەنی هۆڵی پرسەیە و پرسەی لێدادەنرێت لە گەڕەکەکانی (خانزاد)ایە، ژمارەیان (٣) مزگەوتە و ڕێژەی(١٣,٦٪) کۆی هۆڵی پرسەی شارەکە پێکدەهێنن.

٢-هەر یەك لە گەڕەکەکانی (بەرکێو، هێمن، نیشتیمان، نەورۆز، ڕاپەڕین)، (٢) مزگەوت هۆڵی پرسەیان هەیە و بەڕێژەی (٩٪) کۆی هۆڵی پرسەی شارەکە پێکدەهێنن.

٣- هەر یەك لە گەڕەکەکانی(نالی، بەختیاری، ڕۆژهەڵات، ئازادی، تەپەڕەش، کوردستان، ئاشتی، سەروەران، سەراوی خواروو)، (١) مزگەوتیان تێدایە و بەڕێژەی(٤,٥٪)کۆی هۆڵی پرسەی شارەکە پێکدەهێنت.

٤- گەڕەکەکانی (شانیدەری کۆن، شانیدەری نوێ، جوتیاران، حاجی نامیق، فەرمانبەران، ڕزگاری، پیشەسازی، هەواری تازە، حاجی قادر، قلرخ، سەراوی سەروو) هیچ مزگەوتێکیان تیادا نیە و هیچ هۆڵێکی پرسەشیان تێدا نیە. ئەمەش وایکردووە دانیشتوانی ئەو گەڕەکانە پەنا ببەنە نزیکترین مزگەوتی گەڕەکەکانیان

٥-لە کۆی (٢٦) گەڕەك تەنها(١٥) و ڕێژەی(٥٧,٦٪) گەڕەك مزگەوتەکانی پرسەی لێدادەنرێت، واتە نزیکەی نیوەی گەڕەکەکانی شارەکە مزگەوتی لێنییە کە پرسەی تیادا دابنرێت.

خشتەی (٢) ناو و ژمارەی هۆڵی بۆنە ئاینییەکان بەپێی گەڕەك لە شاری سیدصادق لە ساڵی ٢٠٢٤دا

| ژ | ناوی گەڕەك | هۆڵی بۆنە ئاینییەکان | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شانیدەری کۆن | - | ٠ | ٠ |
| ٢ | شانیدەری نوێ | - | ٠ | ٠ |
| ٣ | جوتیاران | - | ٠ | ٠ |
| ٤ | حاجی نامیق | - | ٠ | ٠ |
| ٥ | نالی | نالی | ١ | ٤,٥ |
| ٦ | فەرمانبەران | - | ٠ | ٠ |
| ٧ | بەختیاری | مەلا عبدالكريم المدرس | ١ | ٤,٥ |
| ٨ | ڕزگاری | - | ٠ | ٠ |
| ٩ | پیشەسازی | - | ٠ | ٠ |
| ١٠ | بەرکێو | امام بخاری و فیردەوس | ٢ | ٩ |
| ١١ | هەواری تازە | - | ٠ | ٠ |
| ١٢ | هێمن | شێخ سعیدی پیران و کەسنەزان | ٢ | ٩ |
| ١٣ | نیشتمان | مەلا حسن بەرکێو و گەیلانی | ٢ | ٩ |
| ١٤ | حاجی قادر | - | ٠ | ٠ |
| ١٥ | ڕۆژهەڵات | عایشە | ١ | ٤,٥ |
| ١٦ | نەورۆز | صلاح الدين و عمر بن خەتاب | ١ | ٩ |
| ١٧ | ڕاپەڕین | حاجی فتاح و عثمان کوڕی عفان | ٢ | ٩ |
| ١٨ | ئازادی | شافیعی | ١ | ٤,٥ |
| ١٩ | خانزاد | ئیمام غزالی و شێخ عبدالقادری چویسە و شەهیدان ئاری و دار | ٣ | ١٣,٦ |
| ٢٠ | تەپەڕەش | تەپەڕەش | ١ | ٤,٥ |
| ٢١ | کوردستان | نور | ١ | ٤,٥ |
| ٢٢ | ئاشتی | ڕزگاری | ١ | ٤,٥ |
| ٢٣ | قلرخ | - | ٠ | ٠ |
| ٢٤ | سەروەران | شەهید علی حمە فرج | ١ | ٤,٥ |
| ٢٥ | سەراوی سەرو | - | ٠ | ٠ |

| ژ | ناوی گەڕەك | هۆڵی بۆنە ئاینییەکان | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | سەراوی خواروو | سەراوی سوبحان ئاغا | ١ | ٤,٥ |
| | سەرجەم | - | ٢٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەزوور، بەشی خۆیەتی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤.

## باسی سێیەم: دابەشبوونی جوگرافی گۆڕستان لە شاری سیدصادق

ئەم خزمەتگوزارییە بەپێی ئایدۆلۆژیای دینەکان گرنگی گەورەی پێدەدرێت، کاریگەری دینی و کۆمەڵایەتی و خێزانی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگا هەیە، بەتایبەت لە ئاینی ئیسلامدا شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە هەر لە شتن و ئامادەکرنی و ناشتن و دروستکردنی گۆڕ، هەر بۆیە شوێنی جیاوازی بۆ ئامادەکراوە لە شارەکاندا لە پلانی شارەکاندا هەوڵدەدرێت لە کەناری شارەکان شوێنی بۆ ئامادەبکرێت، ڕێژەیەکی زۆری شارەکە پێکدێنێت بۆ نمونە بغداد (١٢,٠٪) و نەجەف (٧٪) کەربەلا (١,٥٪) بەصرە(١٪). ( علی و الجمیلی، ٢٠٠٩، ص١٤٥-١٤٦).

ئەم ناوچەیە دوور لە ناوچەی نیشتەجێبوون دروستدەکرێت، شارەکان ناتوانن دەستبەرداری بن و هەندێکجار دەکەوێتە ناو ناوچەی نیشتەجێبونەوە ئەمەش بەهۆی گەشەکردنی دانیشتوان، زۆرینەی کات ئەم خزمەتگوزارییە جیادەکرێنەوە بەپێی جۆری ئاین و مەزهەب و ...هتد(الشواورە، ٢٠١٢ ،ص٣٣١.)

لە شاری سیدصادق پێنج گۆڕستان هەیە* کە دابەشبوون بەسەر گەڕەکە جیاوازەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

١-گۆڕستانی سیدصادق دەکەوێتە گەڕەکی نیشتمان کە تاڕادەیەك شوێنێکی ناوەندی وەرگرتووە.
٢- گۆڕستانی نوێی سیدصادق دەکەوێتە گەڕەکی هێمن بەشی ڕۆژئاوای شارەکە.
٣- گۆڕستانی قلرخ دەکەوێتە گەڕەکی قلرخ لە بەشی باشوری ڕۆژئاوای شارەکە.
٤- گۆڕستانی سەراوی سوبحان ئاغا دەکەوێتە گەڕەکی سەراوی خواروو لە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە.
٥- گۆڕستانی حاجی شێخ عبداللە دەکەوێتە گەڕەکی حاجی قادر لە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی شارەکە.


خشتەی (٣) ناوی گۆڕستانەکان بەپێی گەڕەك لە شاری سیدصادق لە ساڵی ٢٠٢٤دا

| ژ | ناوی گۆڕستان | گەڕەك |
|---|---|---|
| ١ | سیدصادق | نیشتیمان |
| ٢ | نوێی سیدصادق | هێمن |
| ٣ | قلرخ | قلرخ |
| ٤ | سەراوی سوبحان ئاغا | سەراوی خواروو |
| ٥ | حاجی شێخ عبداللە | حاجی قادر |
| سەرجەم | | ٥ گۆڕستان |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەزوور، بەشی خۆیەتی، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢٤.

نەخشەی (٣) دابەشبوونی جوگرافی هۆڵی بۆنە ئاینییەکان و گۆڕستان لە شاری سیدصادق

* گۆڕستانێك دەکەوێتە نزیك عەلوەی شاری سیدصادق، بەڵام لە ئێستادا نە تەرمی لێدەنژرێت نە ئاسەواری هیچ گۆڕێکی لێ ماوە.(بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پارێزگای سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی ئەوقافی شارەزوور، بەشی ئامار، داتای بلاونەکراوە،٢٠٢٣.)




سەرچاوە: کاری توێژەرانان بە پشت بەستن:
نەخشەی ژمارە (١). کاری مەیدانی توێژەران لە رێکەوتی (٢-١-٢٠٢٤ بۆ ١-٧-٢٠٢٤).

## بەشی سێیەم: شیکردنەوەی شوێنی و هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاری ئاینیی لە شاری سیدصادق

بەکارهێنانی ئاینی جۆراوجۆرە بەپێی جۆری ئەو بیرۆکە ئاینییانەی هەیە لە شارەکاندا ئەم بەکارهێنانانە ئەگۆڕێن و گەشەدەکەن بەپێی قۆناغەکانی فراوانبوونی شارەکان، جۆراوجۆری ئەم خزمەتگوزارییە دەوەستێتە سەر کۆمەڵە دینی و کەمینەکان، دابەشبونیان لە شارەکاندا بەپێی گەڕەکەکانە بەهۆی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت بەپێی جۆری بیروڕاکانی وڵاتەکە(المضفر، ٢٠١٤، ص٢١٤). هەر بۆ ئەم مەبەستە چەند پێوەرێك جێبەجێدەکەین لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

### باسی یەکەم: شیکردنەوەی شوێنی توانای خزمەتگوزاری ئاینیی لە شاری سیدصادق

### یەکەم: ناوەندی شوێنیی Mean center .

ناوەندی شوێنی یەکێکە لە ئاسانترین پێوەرەکان بۆ دیاریکردنی سەنتەری ناوەند بۆ دابەشبوونی شوێنی دیاردە جوگرافییەکان، پێوەرێکە کە دەتوانێ ناوەندی شوێنی دیاربیکات لەڕێگەی پێوانەکردنی شوێنی (x,y) بۆ هەر توێژینەوەیەك.( مصطفی و عباس، ٢٠٢٤، ص٣٠-٣١.)

لە نەخشەی (٤) دەردەکەوێت ناوەندی شوێنی بۆ خزمەتگوزاری مزگەوتی هەینی(الجامع) و مزگەوت(المسجد) لە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە شوێنێک کە چەقی ناوەندی سەنتەری شارە، ئەویش گەڕەکی خانزادە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی ئەم خزمەتگوزارییە، ناوەندی شوێنی بۆ خزمەتگوزاری گۆڕستان لە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوا شارەکە لە گەڕەکی هێمن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشی باکوری ئەم شارە ئەم خزمەتگوزارییە لێ نییە، دەبینین بەگشتی ئەم خزمەتگوزارییە بەشێوازێکی یەکسان دابەش بوون بەسەر گەڕەکەکانی شاردا، لەلایەکی تر ئەو ناوچەیە خاڵی بەیەکگەیشتنی زۆربەی خزمەگوزارییە جۆراوجۆرەکانە، سەرەرای ئەوەش ڕێگایەکی

سەرەکی شارەکە بەم ناوچەیەدا تێپەڕدەبێت، ئەمەش لایەنێکی باشی ئەم خزمەتگوزارییەیە کە شوێنێکی سەنتەریان وەرگرتووە و لە چەقی ناوچەی توێژینەوەدا چڕبونەتەوە.

**دووەم: ئاڕاستەی دابەشبوون (Directional Distribution).**

ئاڕاستەی دابەشبوون کە هەندێك جار بە (شێوازی هێلکەیی بۆ پێوانەکردنی پلەی بڵاوبونەوە (Directional Distribution Ellipse) ناودەبرێت، ئەم پێوەرە بەکاردێت ئەگەر هاتوو دابەشبوونی ئەو دیاردەیەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی هەبێت، لەبەرئەوە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم پێوەرەدا دەتوانین شێوەیەکی هێلکەیمان دەستکەوێت کە گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی ئاڕاستەی دابەشبوون لەو ناوچەیەدا دەکات. (علی، ٢٠٢٢، ل١٠٠).

بەسەرنجدان لە نەخشەی (٤) دوای جێبەجێکردنی ئاڕاستەی دابەشبوون لەسەر خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری سیدصادق ئاڕاستەی بڵاوبونەوەی ئەم خزمەتگوزارییە شێوەی هێلکەی وەرگرتووە بەڵام بە ڕووبەر و ئاڕاستەی جیاواز، خزمەتگوزاری گۆڕستان ئاراستەی باشوری ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژهەڵاتە لە بەشی باشوری شارەکەدا درێژبووەتەوە بە شێوەی هێلکەیەکی درێژکۆلە درێژبۆتەوە، خزمەتگوزاری مزگەوتی هەینی ئاڕاستەی باشور بۆ باکوری ڕۆژهەڵاتە لە بەشی ناوەڕاستی شارەکەدا درێژبۆەتەوە شێوەی بازنەیی هەیە، خزمەتگوزاری مزگەوت ئاڕاستەی باشوری ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژهەڵاتە لە بەشی باشوری شارەکەدا درێژبۆەتەوە بە شێوەی هێلکەیەکی بچوك درێژبۆتەوە. دەبینین هەریەك لە گەڕەکەکانی (شانەدەری تازە، شانەدەر، جوتیاران) بەشی زۆری گەڕەکەکانی (فەرمانبەران، نالی، حاجی نامق) کە ئەمانە دەکەونە بەشی باکوری شارەکەوە هیچ کام لە خزمەتگوزارییەکانی درێژبونەوەی تیادا نییە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شێوەی شارەکە کە شێوازی ئەستێرەی هەیە و بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییەکان لە بەشی باشوری شارەکەدایە.

سێیەم: دووری پێوانەیی (Standard Distance).


ئەم پێوەرە بەکاردەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی ڕادەی بڵاوبونەوەی دیاردەکان لە سەنتەری ناوچەیەکی جوگرافی چونکە پێوانەی نێوان ئەو خاڵانە ئەکات. لەم ڕێگەیەوە ڕادەی بڵاوبونەوەی دیاردەکان دەزانرێت. .( مصطفی و عباس، ٢٠٢٣، ص٣٦٨.)

هەروەکو لە نەخشەی (٤)دا تایبەتمەندی دابەشبوونی خزمەتگوزاری ئاینی لەشاری سیدصادق بەگوێرەی دووری پێوانەیی دەردەکەوێت، گەورەترین بازنە لە شارەکەدا گۆڕستانەکان دروستیان کردووە لەگەڵ ئەوەی ژمارەی گۆڕستانەکان کەمن بەڵام گۆڕستانەکان کەناری شاریان گرتووە لە باشوری ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاواو و باکوری ڕۆژئاوا تەنها باکوری شارەکە گۆڕستانی تیادا نییە. بە پلەی دووەم مزگەوتی هەینییە(الجامع) کە قەبارەکەی گەورەیە ئەویش بەهۆی بڵاوی ئەم خزمەتگوزارییە بەسەر گەڕەکە جیاوازەکانی شارەکەدا، مزگەوت(المسجد) لە ڕووی بڕەوە بەهەمان شێوەی مزگەوتی هەینین بەڵام لەبەر ئەوەی بەشی زۆری مزگەوتەکان نزیك سەنتەری شارن بۆیە بچوکترین ڕوبەری بازنەیان داگیر کردووە لە سەنتەری شارەکەدا.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

نەخشەی (٤) ناوەندی شوێنی و دووری پێوانەیی و ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی ٢٠٢٤




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن: نەخشەی ژمارە (١) و (٢) و (٣).

**باسی دووەم: هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاری ئاینیی لە شاری سیدصادق**

یەکێك لەوپێوەرانەی بەکاردەهێنرێت بریتیە لە پێوەری ژمارەی دانیشتوان بۆ ژمارەی خزمەتگوزاری ئاینی(مزگەوتەکان)

چونکە سودبینین لە ژمارەی خزمەتگوزاری ئاینی ڕاستەوانەیە لەگەڵ قەبارەی ژمارەی دانیشتوانی پەیوەست بە ئاینەوە لە هەر ناوچەیەکی دیاریکراودا. هەبۆ ئەم مەبەستە ئەم پێوەرە بەکاردەهێنین بۆ زانینی ڕادەی هاوسەنگی ژمارەی ئەم خزمەتگوزارییە لەگەڵ پێوەری ژمارەی دانیشتوان.

بۆ ئەم مەبەستە لەسەر ئاستی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە هەڵسەنگاندنەکەمان کردووە، ژمارەی دانیشتوانی شاری سیدصادق لە ساڵی(٢٠٢٤) بریتیە لە (٨٠٤٠٨)کەس، ئەگەر ئەم ژمارەیە بەراوردی پێوەر بکەین ئاڕاستەی هاوسەنگییەکەی بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت، خشتەی ژمارە(٤).

خشتەی ژمارە(٤)پێوەری ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٢٤ بۆ ژمارەی مزگەوت لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

سەرچاوە: کاری توێژەران، پشت بەست بە (حەمەعلی،٢٠٢٣، ١٢٨)

| ژ. دانیشتوان | پێوەر ژ.دانیشتوان/ مزگەوت (المسجد) | ژ.مزگەوت (المسجد) لە ساڵی ٢٠٢٤ | ژ. مزگەوت (المسجد) بە پێی پێوەر | دۆخ: ژ. | دۆخ: هێما | پێوەر/ ژ.دانیشتوان مزگەوت (الجامع) | ژ.مزگەوتی هەینی (الجامع) لە ساڵی ٢٠٢٤ | ژ.مزگەوتی هەینی (الجامع) بە پێی پێوەر | دۆخ: ژ. | دۆخ: هێما |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٠٤٠٨ | ٢٠٠٠-٢٥٠٠ | ٣٥ | ٣٢ | ٠ | = | ١٠٠٠٠ - ١٢٠٠٠ | ٣٥ | ٨-٧ | +(٢٧-٢٨) | ↑ |

وەك لە خشتەی ژمارە(٤) چەند ڕاستییەك بەدیاردەکەون، کە بریتین لە:

١-مزگەوت:

بەپێی پێوەری ژمارەی دانیشتوانی حکومەتی هەریمی کوردستان بۆ ژمارەی مزگەوت دەبێت هەر مزگەوتێك خزمەت بە (٢٠٠٠-٢٥٠٠) نوێژ خوێن بکات، واتە دەبێت ژمارەی مزگەوتی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان (٣٢- ٤٠) مزگەوت بێت، وەك دەبینین ژمارەی مزگەوت لە ناوچەی توێژینەوە(٣٥) مزگەوتە، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ پێوەر.

٢-مزگەوتی هەینی:

بە پێی پێوەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێت هەر مزگەوتێکی هەینی، خزمەت بە (١٠٠٠٠-١٢٠٠٠) نوێژ خوێن بکات، لە ناوچە لێکۆڵینەوە(٣٥) مزگەوت هەیە دەتوانێت خزمەت بە (٤٢٠،٠٠٠) نوێژخوێن بکات. واتا نزیکەی (٢٧-٢٨)مزگەوتی زیاترە بەراورد بە پێوەری ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## دەرئەنجام

١-دانیشتوانی شاری سیدصادق بە گشتی موسڵمانن، لەم شارەدا ئەم شارە (٣٥) مزگەوتی هەینی و (٣٥) مزگەوت و (٢٢) هۆڵی بۆنە ئاینیەکان و (٥)گۆڕستانی تیادایە.

٢- ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە(٣٢-٤٠) مزگەوتە(المسجد)، بەڵام (٣٥) مزگەوت بوونیان هەیە، واتە هاوسەنگە. هەروەها پێویستی بە(٧-٨) مزگەوتی هەینیە، بەڵام(٣٥) مزگەوت بونیان هەیە، ئەمەش پێمان دەڵێت، ژمارەی مزگەوتی هەینی نزیکەی(٥) ئەوەندە لە سەرو پێوەری ژمارەی دانیشتوانەوەیە.

٢-لەگەڵ بوونی ئەم ژمارە زۆرەی مزگەوت لە شارەکەدا کە (٧٠) مزگەوتە بۆ (٢٦)گەڕەك دەبینین گەڕەکەکانی (فەرمانبەران، شانیدەری کۆن، جوتیاران، پیشەسازی) مزگەوتی تیادا نییە. بۆ سودوەگرتن لە خزمەتگوزاری ئاینی بە تایبەتیش لە ئەنجامدانی پەرستشە رۆژانەکان، دەبێت سەردانی مزگەوتە نزیکەکانی گەرەکەکانی دیکەی بکەن. ئەمەش ئەرك و ماندبوونە بۆ نوێژخوێنانی گەڕەکە بێ مزگەوتەکان.

٣- لە کۆی (٢٦) گەڕەك تەنها(١٥) و ڕێژەی(٥٧,٦٪) گەڕەك مزگەوتەکانی پرسەی لێدادەنرێت، لەکاتی بوونی پرسە لە (١١) گەرەکەکەی دیکە، دەبێت پرسە لە مزگەوتی گەرەکە دراوسێکان دابنێن، ئەمەش ئەرك و ماندبوون و خەرجکردنی بڕێکی دارایی زیاترلەسەر خاوەن پرسەکە دەبێت.

٤-لە کاتی جێبەجێکردنی پێوەرەکاندا دەبینین هەریەك لە گەڕەکەکانی (شانەدەری تازە، شانەدەر، جوتیاران) بەشی زۆری گەڕەکەکانی (فەرمانبەران، نالی، حاجی نامق) کە ئەمانە دەکەونە بەشی باکوری شارەکەوە هیچ کام لە خزمەتگوزارییەکانی ئاینی نایانگرێتەوە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شێوەی شارەکە کە شێوازی ئەستێرەی هەیە و بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییەکان لە بەشی باشوری شارەکەدایە.

## پێشنیار

١-دروستکردنی مزگەوت بە پێی ڕێنمایی و پلانی وەزارەتی ئەوقاف و جێبەجێکردنی مەرجەکانی دروستکردنی مزگەوت بە تایبەت لە ڕووی (جێکەوتی مزگەوت بە پێی گەڕەك و شەقامی سەرەکی و لاوەکی، دوری مزگەوت لە یەکدی، جێبەجێکردنی نەخش و تەلارسازی کوردەواریانە لە دیزاینی دەرەوەی مزگەوتەکان، ڕووبەری سەوزایی، خزمەتگوزاری پێشکەشکراو لە مزگەوتەکان (ژمارەیWC،ژمارەی دەستشۆر...)، ڕووبەری بینا، ئاو و کارەبای بەردەوام، فێنك کەرەوە گەرمکەرەوە، ژمارەی زیوان و خزمەتکارانی مزگەوت، هۆڵی پرسە بۆ هەردوو ڕەگەز، مردوشۆر، شوێنی نوێژخوێنی ڕەگەزی مێ، پارکی ئۆتۆمبێل، قەبارەی مزگەوت بە جۆرێك لەگەڵ دیمۆگرافیا و ژمارەی نوێژخوێنان بگونجێت)

٢- جێبەجێکردنی ڕێنمایی و پێوەرەکان لەسەر مزگەوتە دروستکراوەکاندا(ئەوانەی ئێستا لە خزمەتدان)

٣- دروستکردنی مزگەوت بە پێی پێوەری حکومەت و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و وەزارەتی پلاندانان بۆ هەر گەرەکێك پێش ئاوەدانکردنەوەی. چونکە مزگەوتەکان هۆکارێکن بۆ خێراتر ئاوەدانکردنەوەی گەرەکە نوێیەکان. ئەمەش ڕێگری دەکات لە بڵاوبونەوەی زیاتری شارەکە بە ئاراستەی باڵەکان.

٤-دروستکردنی مزگەوت لەو گەرەکانەی کە ناوچەی توێژینەوە مزگەوتیان تێدا نیە، تا نوێژخوێنان ڕێگەیەکی دور نەبرن بۆ پەرستشە ئاینییەکان یان پرسەکانیان، سەردانی مزگەوتی گەرەکەکانی تر نەکەن،

بە تایبەت هەندێك لە نوێژخوێنان تەمەنیان زۆرە ونەخۆشی درێژخایەنیان هەیە و تەندروستیان زۆر جێگیر نیە.
**٥-**تەرخانکردنی زەوی لە لایەن شارەوانی بۆ گۆڕستان بە پێی ماستەر پلانی شار، گرنگە هەندێك پێوەر دابنرێت لە گۆڕستانەکان وەك (بونی دیواری راگر بەمەبەستی دابڕاندنیان لە خانوو و ماڵ و منداڵان و ئاژەڵانی بەرەڵا ، ڕاکێشانی سەرچاوەی ئاو بەمەبەستی سەوزکردنی گۆرستانەکە و چاندنی درا لەسەر گۆڕەکان، بوونی ڕووناکی بە تایبەت لە شەوان، هەڵکەندنی گۆڕەکان بەشێوازێکی ئەندازەیی، مەبەستی بواردان بە گوزرەکردن بە ناویاندا بە ئاسانی، دروستکردنی ڕێگای سەرەکی ولاوەکی لە گۆرستانەکان و قیرتاوکردنیان)

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم:کوردی**

أ-نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

١-حمە علی، هەردی عبدالرحمن، ٢٠٢٣، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاری(تەندروستی و خۆشگوزەرانی و ئاینی) لە شاری هەڵەبجە، تێزی دکتورا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٢-عزیز، امیر قادر،٢٠٢٢، هاوسەنگی شوێنی وەزیفەکان لە نێوان نێوەندە شارنشینیەکانی پارێزگای هەولێر، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٣- عزیز،امیر قادر، ٢٠١٣، هەڵسەنگاندنی جوگرافی بەکارهێنانەکانی زەوی ئاینی لە شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین.)

٤-علی، فاتیح اکرم،٢٠٢٢، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری دەربەندیخان، نامەی ماستەر،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
٥-گۆران، باسم قاسم سلێمان،٢٠٢٢، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری بەردەڕەش بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین.

٦-میرزا عبداللە، هەورامان کمال،٢٠٢٣، گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری دوکان و سەیدسادق، تێزی دکتۆرا، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

ب-دامودەزگای حکومی

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان،٢٠٢٣، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە.

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان،٢٠٢٤، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەزوور، بەشی خۆیەتی، داتای بلاونەکراوە.

دووەم: عەرەبی

أ-نامەی ماستەر

١-الساعدی، علاء هاشم داخل،٢٠٠٦، استعمالات الارض الحضريه فی ناحية بغداد الجديدة، رسالة ماجستر، كليه الاداب، جامعه بغداد.

٢-المالكی، خولة غريب فرج،٢٠٠٧، استعمالات الارض الحضرية فی مدينة الصدر و بدائلها، رسالة ماجستر، كليه الاداب، جامعة بغداد.

ب-گۆڤاری زانستی

١-مصطفى، فاطمه قادر و عباس، هوشمەند جوهر ،٢٠٢٤، التحليل الجغرافي لتوزيع الخدمات التعليمية في مدينة كسنزان، مجلة ديالى للبحوث الانسانية، عدد ٩٩، المجلد ٢.

٢- مصطفى، فاطمه قادر وعباس، هوشمەند جوهر،٢٠٢٣، التحليل المكانى لمراكز الصحية في مدينة كركوك، مجلة ديالى للبحوث الانسانية، عدد ٩٧، المجلد ٢.

ت-کتێب

١-الراوی، عبدالناصر صبری شاهر،٢٠١٦، الاسس الجغرافيه لتحطيط المدن، ط١، دار الصفاء، عمان.

٢-الشواورة، علی سالم،٢٠١٢، جغرافيه المدن، ط١، دار المسيرة، عمان.

٣-علی، محسن عبد و الجميلی، رياض كاظم ،٢٠٠٩، خدمات المدن ، ط١، الموسسه الحديثة، لبنان.

٤-غنيم، عثمان محمد،٢٠١٣، تخطيط الخدمات و المرافق الاجتماعية، ط١، دار صفاء، عمان.

٥-المضفر، محسن عبدالصاحب و يوسف، عمر الهاشمی،٢٠١٤، جغرافية المدن، ط٢، دار صفاء، عمان.

## التوزيع الجغرافي لاستخدامات الأراضي للأغراض الدينية في سيد صادق


### الملخص

تعتبر المؤسسات الدينية من المؤسسات الجوهرية التي تقدم خدمة كبيرة في المدن التي تتواجد فيها، اذ تؤثر ايجاباً على الجوانب النفسية والصحية والاجتماعية لسكان تلك المدن، اضف الى كل ذلك اهميتها في التجمعات من جهة وتعزيز الخدمات الاخرى من جهة ثانية، فهي بهذا تعتبر ركنا اساسياً لأهالي المدن والزوار على حد سواء.

لا شك ان وجود المساجد و قاعات احياء المناسبات الدينية و المقابر بهذه الاعداد مرتبط بالحجم السكاني من جهة والتزام اهالي المدينة بالشعائر الدينية والاجتماعية من جهة اخرى، لذا نهدف من هذه الدراسة و كيفية تواجد الخدمات فيها، و علية تبنت هذه الدراسة المنهج الوصفى والتحليلي.

لا شك ان نتائج هذه الدراسة سوف تكون بمثابة مرجعاً مهماً يمكن لجهات عديدة داخل حكومة اقليم كردستان ان ترجع اليها لغرض الاستفادة منها ومنها (وزارة الاوقاف والشؤون الدينية، وزارة التخطيط، وزارة البلديات والسياحة، مراكز الدراسات الاكاديمية، والباحثين).

يتدين اهالي مدينة سيدصادق بصورة عامة بدين الاسلام، اذ تحتضن المدينة (٣٥) مسجد تقام فيها الصلاة الجمعة و (٣٥) مسجد لاقامة صلوات الفرض و (٢٢) قاعة الاحياء المناسبات الدينية و (٥) مقابر. واذ ما خضعنا المدينة الى المعايير نستنتج بأن الاحياء (شاندر الجديدة، شاندر، جوتياران) و معظم احياء (فرمانبران، نالي، الحاج نامق) الواقعة شمال المدينة تفتقر بصورة تامة الى تواجد الخدمات الدينية فيها، و يرجع السبب في ذلك الى طبيعة شكل المدينة التى تبدو على هئية نجمة غنية في جزئها الجنوبي بالخدمات الدينية.


الكلمات المفتاحية: الخدمات الدينية، المسجد، الجامع، المقابر، قاعات المناسبات الدينية

## Geographical Distribution of Land Use for Religious Purposes in Said Sadiq

Religious establishments are considered crucial service providers in cities. Besides their influence on the psychological, health, and social aspects of the population, they also affect the distribution of population gatherings and their services. Additionally, these establishments offer significant benefits to both local residents and travelers.

There is no doubt that the presence of mosques, halls for religious events, and cemeteries in these numbers is linked to both the population size and the commitment of the city's residents to religious and social rituals. Therefore, the aim of this study is to determine how services are provided in these places. Consequently, this study adopted a descriptive and analytical approach..

This research is important to the Kurdistan Regional Government, including the Ministries of Endowments, Religious Affairs, Planning, Municipalities, and Tourism, as well as to academic institutions and researchers.

In general, the people of Said Sadiq are practicing Muslims. The city is home to ٣٥ mosques for Friday prayers, ٣٥ mosques for obligatory prayers, ٢٢ religious event hall, and ٥ cemeteries. When we apply the criteria to the city, we find that the neighborhoods of New Shander, Shander, and Jutiaran, as well as most neighborhoods in the northern part of the city, such as Farmanbaran, Nali, and Haji Namak, completely lack religious services. This absence is due to the city's layout, which resembles a star in its southern part, an area that is rich in religious services.

Keywords: religious services, mosque, cemetery, religious celebration hall.